# ژانەری چاوپێکەوت

د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین

# مێژووی چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن مێژوویەکی دێرینو پڕ بایەخی هەیە وەک ژانەرێکی ڕۆژنامەنووسی کە دەتوانرێت لەزۆربەی ژانەرەکانی تریش سوودی لێوەربگیردرێتو لەوڕێگەیەوە زانیاری نوێو پڕ بایەخ دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بەدەست بهێنێت، سەبارەت بەسەرهەڵدانی چاوپێکەوتنو دەرکەوتنیو لەناو دنیای ڕۆژنامەوانیدا ڕاو بۆچوونی جیاواز هەیەو نەتوانراوە ئەوە یەکلا بکرێتەوەکە بۆ یەکەم جار ئەم ژانەرە لەلایەن کێوە بۆ چ مەبەستێک ئەنجام دراوە، بەڵام لەناو هەموو ئەم ناکۆکیانەدا دوو چاوپێکەوتن هەیە کەوا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە وەک ئەوەی نە یەکەم هەنگاوی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن ئەژمار بکرێت ئەوانیش:

ئەو گفتوگۆیەی کە (دیفۆ)ی ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی لە هەشتاکانی سەدەی هەژدەدا لەگەڵ (جاک شێپەرد)ی تاوانبار ئەنجامیدا کەوا هەندێک پرسیارو وەڵام بوو لەنێوان ڕۆژنامەنووسە ئەمەریکیەکەو ئەو تاوانبارەدا کە لەبەردەم پەتی سێدارەدا بوو.

هەروەها بۆچوونێکی تر ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەنوسیەی کەلەساڵ (١٨٣٦)دا وەک هونەرێک دەرکەوت، ئەویش لەکاتێکدا بوو کە ڕۆژنامەنووس (بنیت) لەگەڵ خانمێک ئەنجامیدا کەلە ماڵەکەیدا ڕووداوی کوشتن دەرحەق بە ئافرەتێکی لادەر ڕوویدا ، کەدارشتنی چاوپێکەوتنەکەوش بەشێوەی پرسیارو وەڵام بوو.

لێرە بەدواوە چاوپێکەوتن بووە ژانرەێکی سەربەخۆو گرنگکەلە ڕۆژنامەدا بایەخی پێدراوەو بووە مایەی سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ بەدەستهێنانی زانیاری،ئەمەش بەڕوونی لەو سەردانەدا دەبینرێت کەوا ڕۆژنامەی (نیۆرک) هەستا بەناردنی ڕۆژنامەنووسێک بەناوی (هوداس گیرلی) بۆ بریگمام بۆنچ بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆک خێڵی (مۆرفون)

هەربۆیە ئەم ژانرە زیاتر لەلایەن ڕۆژنامەکانی نێویۆرک لە ناوەڕاستی ساڵەکانی (١٨٣٠)بایەخی پێدرا، بەڵام وەک ژانرەێکی ڕۆژنامەنووسی، لەسەردەمی شۆڕشی نێوخۆی ئەمەریکا (١٨٦١-

١٨٦٥) جێگیر بوو، لەفەرەنساش یەکەم جار لەماوەی ساڵانی (١٨٧٠- ١٨٧١) بایەخی پێدراوەو هەنگاو بەهەنگاو لە وڵاتانی تری ئەوروپا کرایە بەشێک لە ژانرە هەرە گرنگەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی.

# چەمکو پێناسەی چاوپێکەوتن

لەبنەڕەتدا وشەی چاوپێکەوتن وشەیەکی فەرەنسیو بەواتای دانیشت لەگەڵ کەسایەتیەکی سیاسی، هونەری، وەرزشی....هتد دێت، بەمەبەستی زانیاری هەواڵو زانیاری لە ڕێگەی دیالۆگەوە، جگە لەوەش ڕاوبۆچوونی کەسە پسپۆڕو شارەزاکان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کەوا جێگای بایەخی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەیە.

- چاوپێکەوتن : پرسیارو وەڵامێکە لەنێوان دوو یان چەند کەسێکدا بەمەبەستی گەیاندنو گواستنەوەی پەیامێکی خاوەن هەواڵ یان خاوەن تەوەرێکی میدیای ئەنجامدەدرێ، کە کاردانەوەی ناوەکیو دەرەکی پێوەدیارە.

- چاوپێکەوتن: لەسادەترین شێوەدا بریتیە لەکۆمەڵێک پرسیار کەوا لێکۆڵەر یان پەیامنێر ئامادەیان دەکات بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو کەسەی بکاتەوە کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەیەتی یان دەیەوێت زانیاری پێویستی لێ وەربگرێت.

- چاوپێکەوتن: هونەرێکی ڕۆژنامەنووسی یە بریتیە لە دیالۆگو وتووێژی نێوان ڕۆژنامەنووس وکەسایەتییەک، بەمەبەستی دەستکەوتنی هەواڵ یان زانیاری نوێ یان ڕاڤەکردنی تێڕوانینێکی دیاریکراو یان وێناگرتنی لایەنێکی نائاسایی یان نامۆ یان خۆش.

- چاوپێکەوتن: هەندێک دەڵێت چاوپێکەوتن تەنها تۆمارکردنو پەخشی وتووێژێکی ئاساییەو هەموو کەسێک دەتوانێت پەیوەندی بەکەسێکەوە بکاتو بگاتە هەمان ئەو ئەنجامەی کە ڕۆژنامەنووسەکە پێی گەیشتووە، جگە لەوەی کە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی کەسایەتیەکە بۆ خەڵکی ئاسای ئاسان نیە.

- چاوپێکەوتن: یەکێکە لەشێوەکانی بەدەسهێنانی زانیاری نوێل لەبارەی مەسەلو بابەتەکانی ڕۆژەوە، چاوپێکەوتن لەسەر بنەمای پرسیارو وەڵامی نێوان ڕۆژنامەنووسو پەیڤداردا دەبێت، کە

ئامانجی ئاشکراکردنی ڕاستییەکان لەڕێگەی بەدەسهێنانی زانیاری نوێوە یاخود کامڵکردنی بابەتێکە کەجێی مەبەستی ڕۆژنامەنووسە.

- چاوپێکەوتن: بریتیە لەو هونەرە ڕۆژنامەنووسیەی کە هەڵدەستێت بەدروستکردنی ئاخافتن لەنێوان ڕۆژنامونووسو کەسایەتییەک بۆ دەستکەوتنی هەواڵو زانیاری نوێ یان لێکدانەوەی گۆشەنیگایەکی دیاریکراو یان لایەنی دانستەو دەگمەن.

- چاوپێکەوتن: ونەرێکی کۆمۆنیکەیشنە، بنەماو ڕێسای خۆی هەیەو بۆ گوزارشت کردنە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر بەشێوەیەکی بابەتیانەو ڕوون کە ببێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانو بایەخی بینەر.

# هەنگاوو ئامادەكارييەكانی ڕەخساندنی زەمینەی چاوپێكەوتن

ڕاست نیە ئەگەر تۆ بەنیازی ئەنجامدانی چاوپێەوتنیو پەیوەندی بەكەسێكەوە بكەی كەچی نەزانی لەسەر چی قسە دەكەیتو بەهەمان شێوە ناشكرێ تەوەری گفتوگۆی لایەنەكانیشت دیاری كردبێت، بەڵام كەسی میوانی گونجاوت هەڵنەبژاردبێت، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی بتوانی چاوپێكەوتنی ڕۆژنامەنووسی بەسەركەوتوی ئەنجام بدرێت پێویستە بەم قۆناغانەدا بڕوات:-

یەكەم/ دیاریكردنی بابەتی چاوپێكەوتن:- دەست نیشانكردنی تەوەری چاوپێكەوتن پێویستی بەچاوەكراوەیو وردبوونەوەیەكی زۆری ڕۆژنامەنووسی هەیە، دەبێت بەئاگاییەوە بابەتەكە دیاری بكاتو بەباشی بیناسێتو پێشتر زانیاری وردی لەبارەیەوە كۆكردبێتەوە، تاكو بابەتەكە ئامانجی سەرەكی خۆی بپێكێ، هەروەها تەوەرەكە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریو كۆمەڵایەتیو سایكۆلۆژیو ئاینو دابونەریتە باوەكانە گرێدراوی جەماوەربن.

بیرۆكە یان بابەتی چاوپێكەوتنی تەلەفزیۆنی ماددەی خامی ئیشكردنی نێرەرە وەكرۆكی بۆچوونو زانیارییەكان كە بەدەست هاتووە لەڕێگەی هۆكاری ناردنەوە دەگەیەنێتە جەماوەر.

دووەم/ ئەو كەسەی چاوپێكەوتنەكە بەڕێوە دەبات (پێشكەشكار):-

سەركەوتنی چاوپێكەوتن بەندە بەڕژۆنامەوانەوە بەپلەی یەكەم، هەر بۆیە دەبێت توانایەكی باشی لەقسەكردندا هەبێتو شارەزا بێت لە هونەری گفتوگۆدا، خاوەنی مەودایەكی باشی بیركردنەوەو خەیاڵێكی فراوانی هەبێتو بتوانێت لەڕێگەی گوێگرتنو تەركیزكردن لەسەر وەڵامەكانی میوانەكە بیرۆكەی نوێ دروست بكات، لەبەر ئەوەی زۆرجار ڕۆژنامەنووسەكە لەكەناڵێك خەرخۆی ئامادەكارو پێشكەشكاریشە، هەر بۆیە ئەو دەبێت بڕیاردەر لەسەر جۆری بەنامەكەو تەوەرو ئاماجەكەیو دەبێتە بەرپرسیاری یەكەم لە چاوپێكەوتنەكەدا.

پێویستە پێشکەشکار کەسێکی لێهاتوو بێتو شارەزا بێتو توانایەکی زمانەوانی هەبێتو کەسێکی ڕۆشنبیرو بەدیقەت بێت، بەشێوەیەکی لەسەرخۆ بابەتەکان بخاتەڕوو، هەروەها گرنگە ئاگاداری لایەنی تەکنیکی بێت لە تەلەفزیۆنداو هەست بکات بەرامبەر کامێرەیەو وێنەکەی ڕاستەوخۆ بڵاودەکرێتەوە، ئەگەر هاتوو پێشکەشکار ئەم هەستەی لەدەستدائەوا تەشویش دروست دەبێتو گەنجاندن لە نێوان وێنەو تێکست نامێنێت.

پێشکەشکار لە تەلەفزیۆندا بەجیاوازی ڕادیۆ تەنها پەیوەندی بە دەنگو شێوازی ئاخاوتنەوە، بەڵکو پەیوەندی بەڕوخساریشەوە هەیە، چونکە ڕوخساری پێشکەشکار بەتایبەت دەمو چاو لەشاشەدا دەردەکەوێتو دەبنە پێناسەی کەناڵ.

سێیەم/ ئامادەکردنی میوان (پەیڤدار):- دیاریکردنی میوان پەیوەستە بەجۆری بابەتی چاوپێکەوتنەکە، ڕۆژنامەنووس دەبێت بەوردبینیەوە هەستێ بەدیاریکردنی کەسی شیاو کە گونجاوە لەگەڵ بابەتی چاوپێکەوتنەکەدا، دەبێت ڕاو هەڵوێستی خۆی هەبێتو خاوەنی زانیاری بێتو ئەسێک بێت ئەزموونو خەرمانێکی باشی لەبوارەکەی خۆیدا هەبێتو پسپۆڕ بێت و لەئاستێکی باشدا بێت.

کەسی میوان ئەگەر کەسی ئاسای بوو یاخوود ناودارو بەرپرس نەبوو، نازانێت چاوپێکەوتن چۆنەو چی ڕوودەدات، قسەکردن لەبەدەم کامێراو ڕووناکیو مایکرۆفۆن وەک بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەدا وایە بۆ میوان، هەر بۆیە کارامەی تۆ لەوەدایە بتوانی میوانەکە بەجۆرێ بدوێنی لەبەرنامەکەدا سەرنجو هەستی لای تۆ بێت نەک کامێراو ڕووناکیو مایکرۆفۆن مەبەست لەمەش ئامادەکردنی میوانە.

چوارەم/ ئامادەکردنی پرسیارەکان:- پرسیار بەردی بناغەی چاوپێکەوتنە، یاسایی نەگۆڕو دیاریکراو بۆ ژمارەی پرسیارەکان لەئارادانیە، گرنگ ئەوەیە کەوا پرسیارەکان بەشێوەیەک دابڕێژرێت کە خزمەت بەتەوەرەکە گفتوگۆکە بکات، تاکو چاوپێکەوتنەکە ئامانجی خۆی بپێکێ، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پرسیارەکان ئاشکراو ڕاشکاوبن، ئەگەر پرسیارەکان شاراوەو ناڕوونبن

ئەوا بەرامبەرەکەش وەڵامی شاراوەو تاریک دەداتەوە، بۆیە هەتا پرسیارەکان سادەو ڕوونبن ئەوا بەرامبەرەکەت کە میوانەکەیە ناچارە وەڵامی تەواویان بداتەوە.

پێنجەم/ وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن:- هەرکاتێک ڕۆژنامەنووس بابەتێک سەرنجی ڕاکێشی دۆزییەوەو پێویستی کرد چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسیچکی گرنگی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی دابکاتو زانیاری زیاتری لەسەر کۆبکاتەوە، هەنگاوی یەکەم ئەبێت بیر لەدانانی وادەیەک بکاتەوە، هەرچەندە زۆربەی کەسایەتییەکان حەز ئەکەن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا سازبکەن، کەچی هەندێکی تریان بەئاسانی نایەنە سەر هێڵ، لەبەر هۆکاری جیاجیا خۆیان ئەشارنەوە.

دەست نیشانکردنی کاتی چاوپێکەوتن دەبێت بەشێوەیەک بێت کەلەگەڵ کەسەکە وا بگونجێ هەتا ەدەکرێ لەکاتی ئیشو کارو دەوامدا نەبێت، وە بەنامەی ڕەسمی یان شەخسی یان بەهۆی دۆستێکەوە کەسەکە ئاگادار بکەیتەوە.

ئەگەری زۆرە کاتێک ڕۆژنامەنووس بێ وەرگرتنی وادەی پێشوەختو ئاگادارکردنەوەی کەسی دەست نیشانکراو بەمەبستی چاوپێکەوتن کەدەچێتە لای قسەکەر بواری نەبێت یان تەنانەت حەز بەئەنجامدانی چاوپێکەوتن نەکات، کەئەمەش جگە لەوەی ماندوو بوونێکی بێسوود دەبێت لەهەمان کاتدا حاڵەتێکی شکانەوەی دەروونی بۆ ڕۆژنامەنووس دروست دەکات.

کات گرنگییەکی زۆری هەیە تاکو بتوانین چاوپێکەوتنی سەرکەوتوو بەئەنجام بگەیەنین، پێویست بەوە دەکات کەپرسیارەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە بخەینەڕوو، وە شێوازێکی ڕێکخراوەی پێوە دیاربێت هەتاوەکو نەبێتە هۆی بەهەدەردانی کاتو چاوپێەوتنەکە بۆ بابەتە سەرەکییەکان تەرخان بکرێ.

شەشەم/ شوێنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن:- چاوپێکەوتن هەر چۆنێک بێتو لەهەر کوێیەک بێت دەبێت میوان هەست بەئارامی بکاتو پێویستە ترسو دڵەڕاوکێ نەبێت، تاوەکو چاوەڕوانی وەڵامی گونجاوو زیاتری لێبکات.

پێکهاتەی سەرەکی لە بەرهەمهێنانیدا دیارکردنی شوێنی چاوپێکەوتنو تۆمارکردنو پەخش کردنییەتی، دەکرێت چاوپێکەوتن لەناو یان دەرەوەی ستۆدیۆدا بێت، پێویستە پێشکەشکار دڵنیا بێت لەشوێنی چاوپێکەوتنەکە بۆ بەدەستهێنانی لایەنێکی باشی هونەری.

ئەگەر دەنگە دەنگو قەرەباڵغی ڕێگرنەبوون لەئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە، باشتر وایە لوشوێنی ئاسای خۆیاندا چاوپێکەوتن لەگەڵ میوانەکان بکەیت، لەبەر ئەوەی ئەو چاوپێکەوتنانە جوانترنو چێژی زیاتر بەبینەر دەبەخشنو بارودۆخی میوانەکەش لەبارتر دەبێت بۆ قسەکردن.

حەوتەم/ ئامادەکردنی پێشکەشکار لەڕووی جلو بەرگو ماکیاژەوە:- جلو بەرگی بێژەر یاخود پێشکەشکاری تەلەفزیۆنی کارگەری زۆری هەیە بۆ سەرخستنی کارەکەی، دەبێت کەناڵەکان ئەم خاڵە لەبەرچاو بگرن بەشێوەیەک کەلەگەڵ ڕوخسارو جۆری بەرنامەکەدا بگونجێ، وەبەر لەسەردانی بۆ هەرشوێنێک بارودۆخەکە لەبەرچاو بگرێ بۆنموونە ئەگەر هاتوو چاوپێکەوتنێکی هەبێت لەگەڵ پزیشکێ ئاساییە ئەگەر خۆی وەک یاردەدەرێک نیشان بداو هەمان جۆری جلی پزیشکەکە بپۆشێ، هەروەها ماکیاژیش تەواوکەری جلو بەرگەو هۆکارێکی تری سەرخستنی چاوپێکەوتنە کەهەندێ جار میوانیش ماکیاژی بۆ دەکرێ.

هەشتەم/ ئامرازی گواستنەوەو پەخش (هۆکار):- دیارە ئێمە لێرەدا مەبەستمان لەتەلەفزیۆنە جیاواز لەڕۆژنامەو ڕادیۆ، ئەویش پەیوەستە بەتواناو لێهاتووی پێشکەشکارەوە کە سوود لە تابەتمەندییەکانی وەردەگرێتو لەڕێگەیەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوەرۆکی بابەتە پێشکەشکراوەکە دەبێت، بەتایبەت ئەو بارودۆخە دیالۆگ ئامێزانەی کەلە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە پێشکەش دەکرێت جیاوازە لەو خستنەڕووەی کە لەچاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیو ئێزگەییەکانەوە بڵاودەکرێتەوە، پەیوەندی کەسی پێشکەشکار بە (ئامراز)ەوە پەیوەندییەکی دوولایەنەیە

لەلایەکەوە توانای گەیشتن بەجەماوەرێکی جۆراوجۆری بەرفراوان، لەلایەکی تریشەوە ئەو جەماوەرەی کەلە لایەن هۆکارەکانی تری پەیوەندی کردنەوە کێبرکێی لەسەر دەکرێت بۆیە دەبێت بایەخ بە چاوپێکەوتنو گفتوگۆیەکان بدرێ بەگوێرەی شێوەو ناوەڕۆک.

نۆیەم/ زمانی چاوپێکەوتن:- واتە ئەو زمانەی کەلە پرۆسەی بەڕێوەبردنی دیدارەکەدا بەکار دێت، دەبێت نێرەرو وەرگر لەیەکتر تێبگەن ئەویش بەدەربڕینێک کە بەلای چ میوانی چاوپێکەوتنەکەت چ ئەو کەسانەی پەیامەکەیان ئاڕاستە دەکەیت نامۆ نەبێت، لەبەر ئەوەی لە پێناو تێگەیشتنی زیاتری وەرگر وەرگر لە نێرەرو ئەو پەیامەی کە ئاڕاستەی دەکرێ پێویستە ڕۆژنامەنووس سادەترین زمان بەکاربهێنێت لەپێناو دواندنی وەرگرو تێگەیشتنی لە پەیامەکەی.

# تایبەتمەندیو جۆری پرسیارەکان لە چاوپێکەوتندا

پرسیار گرنگە بۆ دەست خستنی زانیاری، دەکرێت بڵێین پرسیار بریتییە: لەو وشەیەک یان هەندێ جار بێدەنگییەک کە ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر دەکرێتو پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە، بێگومان ئەو وەڵامانەش ڕاو زانیاری تێدایە واتە فراوانکردنی لایەنی مەعریفییەو گواستنەوەیە لە نەزاندراوەوە بۆ زاندراو.

بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنەکە بەتەواوی ئاشکرا بێت، واباشترە کە پێشکەشکار پرسیارەکانی ئامادەکردبێت، هەڵبەت هەندێ پرسیاری تر لەکاتی وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا سەرهەڵدەدەن کەپێشتر دانەنراوە، بەڵام لەهەموو کاتێکدا پێویستە ڕۆژنامەنووس لای خۆیەوە وەڵامی پرسیارەکانی خۆی بە پۆزەتیفو نێگەتیف بداتەوەو لەناو وەڵامەکانی خۆیدا بۆ پرسیاری نوێ بگەڕێ.

ئەگەرهاتوو ئامانجی چاوپێکەوتنەکەمان گشتی بێت بۆ ئەوەی زۆرترین کەس سوودی لێوەربگرێت ئەوکاتە دەبێت پرسیارەکانیش گشتی بن، بەڵام ئەگەرهاتوو مەبەستو ئامانج لەچاوپێکەوتن بەدیهێنانی زانیاری وورد بوو لەسەر بابەتێکی دیاریکراو پێویستە بەوریاییەوە بەدوای بابەتە جەوهەرییەکاندا بگەڕێیت ئەویش بەدانانی پرسیار گەلێکەوە دەبێت کە بەوردی داڕشتنمان بۆیان کردووە دەتوانین ئامانجەکەمان بپێکین.

باش وایە کەپرسیارەکان بەشێوەیەکی سادەو ساکار بکرێ، ئەمەش بۆئەوەی بەدحاڵیبوون دروست نەبێت، لەگەڵ ئەوکەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا دەکین یاخود ئەو بینەرەی کەپەیامەکەی ئاڕاستە دەکرێت، هەربۆیە دەبێت زمانی چاوپێکەوتنەکە وەک هەریەک لەهونەرەکانی تری ڕۆژنامەنووسی سادەو ساکاربێت لەئاست هۆشیاری جەماوەردا بێت، دەبێت ئەو ڕاستیانە بزانین.

ڕۆژنامەنووسی باش، پرسیارەکەی باشە، چونکە کاری ڕۆژنامەنووسی مانای وروووژاندنی پرسیارە، لەبەرئەوەی پیشەی ڕۆژنامەنووسی پردێکە لەنێوان پرسیارکردنو وەرگرتنی وەڵامدا.

لەناو بازنەی چاوپێکەوتندا دەتوانین پۆلێنکاری بۆ دووجۆری پرسیار بکەین

یەکەم/ پرسیاری سەرەکی (جەوهەری):-

ئەو پرسیارانەن کەپەیوەستن بە بابەت یان تەوەری سەرەکی دیمانەکەوەو بەدوای زانیاری گرنگدا دەگەڕێت، لایەنە گرنگەکانی لامەبەستەو پرسیاری سەرەکیش گرنگیەکی زۆری هەیە لە دنیای تەلەفزیۆندا.

دووەم/ پرسیاری لاوەکی:-

ئەو پرسیارانەن کە لەئەنجامی وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانەوە دروست دەبێت، واتە کاتێک ڕۆژنامەنووس هەست دەکات کەسی میوان وەڵامی تەواوی نەداوەتەوە یان ڕوونو ئاشکرانیە.

# چەند ڕێنماییەکو پێشنیارێک لەکاتی پرسیارکردندا

کلیلی دەستپێکردنی هەر چاوپێکەوتنێک ((بۆچیە))، هەر بۆیە کاتێک بزانین پرسیارەکان وەڵام نەدراونەتەوە لەبێدەنگی سوود لەم وشەیە وەردەگرین.

دەبێت پرسیارەکانی چاوپێکەوتن لە پرسو کێشە هەرە گرنگەکانەوە دەست پێبکەن، بۆ ئەوەی بەئامانجی تەوەرەکە بگەین.

هەر کاتێک وەڵامی پرسیاەکانتان لەناو ئەو وەڵامانەدا نەدۆزرایەوە کەوا دەدرێنەوە یاخود ناڕوون بوو یان هۆشیاریت لەڕەوتی وتووێژەکە لەدەستدا دەتوانیت کەڵک لەپرسیاری ((تکایە ڕوونتری بکەرەوە)) وەربگرین.

پێویستە هەمیشە چاوپێکەوتن بە پرسیاری ئاسان دەست پێبکەینو دەرفەتی ئەوە بەقسەکەر بدرێت کە لەسەر خۆو بەهێمنی بمێنێتەوەو بەسەر لایەنی دەروونی خۆیدا زاڵ بێت.

ئەگەر شێوازی نەشیاو یان وشەی ناشایستە بەکاربهێنیت ئەوا ڕێگە بەمیوانەکەت دەدەیت وەڵامی گونجاوت نەداتەوە بەبیانوی بەکارهێنانی شێوازو مامەڵەی نەشیاو و ناشایستە لەپرسیارەکاندا، بۆیە پێویستە پێشکەشکار بەڕێزەوە پرسیارەکان بکاتو گفتوگۆ لەگەڵ بەرامبەر بکات.

# چاوپێکەوتن بەپێی جۆری کەسەکان

ڕۆژنامەنووس کە چاوپێکەوتن ساز دەکاتو دەکەوێتە دیالۆگەوە ڕووبەڕووی جۆرەها کەسایەتی دەبێتەوەو مەرجە لەمامەڵە کردنیدا لەگەڵ هەر شێوازێکی ئەو کەسایەتیانەدا لێهاتوو بێت ، بەجۆرێک بتوانێ زانیاری لێ بپچڕێ، شێوازی ئەو کەسایەتیانەی دیداریان لەگەڵدا دەکرێ لەڕووی ئامادەییانەوە بۆ قسەکردنو دەربڕینی بیروڕاو مامەڵەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسیدا، ئەم شێوازانە دابەش دەبێت بۆ:-

١. چاوپێکەوتنی کەسی ڕاڕا (دوودڵ):- کەسێکە ئارەزوی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا دەترسێن لەئەنجامدانی چاوپێکەوتنو مامەڵە کردن لەگەڵ میدیاکاران کە ڕەنگە بەهۆی ئەو کێشانەوە بێت کە دووچاری هاتووە یان دووچاری دەبێتەوە، پێویستە ئەو کەسانەی بەم جۆرەنو زایاری گرنگیشیان لەلا گەڵاڵە بووە دەبێت ڕۆژنامەنووس خۆی ماندوو بکات بەهاندانو بەوەی کە قسەکان چەند جێگای بایەخو بەسوودن.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ شایەتحاڵ:- ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە فرە لایەنو سەرنجڕاکێشەو ئامانجی پیشت ڕاستکردنەوەی ڕووداوەکانەو پیشاندانی لایەنی جۆر بەجۆری ڕاستیەکانەو لەگەڵ شاهیدەکانی پرسێک یان ڕووداوە ڕۆژانەکانە ئەنجامدەدرێتو دەتوانێت وتووێژێکی قووڵو بەربڵاو بنەڕەتی بێت.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵی کەسی زۆر بڵێو چەنەباز:- ئەو جۆرەیە لەکەسایەتی کە حەزی لەقسەکردنی زۆرەو لێدوانی زۆر دەداتکە پەیوەندی ڕاستەوخۆیی بەباتەکەوە نیە یان هەر دوورە لە تەوەرەکەوە، بۆیە پێویستە شێوازی پرسیاری داخراووی بەڕوودا بکرێتوە، ئەم جۆرە کەسانە ئارەزوویەتی لەمیدیاکانەوە دەربکەوێتو کاتێکیش داوای چاوپێکەوتنی لێدەکرێت هەست ەبەبایەخی خۆی دەکات ئەگەرچی ئەم جۆرە کەسایەتیان هاوکارن بەڵام گرفتەکە لەوەدایە

کەحەزیان لەخۆ دەرخستنەو پێدەچێت لەتەوەری سەرەکی چاوپ َکەوتنەکە لابداتو بکەوێتە وێزەی مەسەلەو بابەتە لاوەکییەکانەوە.

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسی ڕاکردوو (خۆدەدزنەوە):- ئەم جرۆرە کەسانە بەکەسی ڕاکردوو دادەنرێت کە خۆیان لەچاوپێکەوتن دەدزنەوە، هەربۆیە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا پێویستی بەزەحمەتێکی زۆری ڕۆژنامەنووسەکە دەبێت، نابێت بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا ڕۆژنامەنووسەکە دەست بەرداریان ببێت، بەڵکو لێهاتویو لێوەشاوەی ڕۆژنامەنووسەکە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەو سوربون بۆ سازکردنی چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا دەردەکەوێت.

٥. چاوپێکەوتنی کەسی فێڵباز:- ئەو کەسایەتیەیە کەوا پاشەکشێ دەکات لەکاتی پێشکەشکردنی پرسیاردا، بۆیە وەڵامی ڕوونو ئاشکرا ناداتەوە لەکاتی بەخشینی زانیاری گرنگو دیاریکراو، وە هەڵوێستەکانی لەو ڕووەوە ڕوونە، بۆیە پێویستە ڕێگاو شێوازی جیاجیا لەگەڵ بەکابهێنرێ بۆ ئەوەی زانیاری لێوەر بگریت.

٦. چاوپێکەوتنی کەسێک خۆشت ناوێت:- هەندێک جار چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکدا دەکەیت کە خۆشت ناوێت ئەویش بەهۆی شەخسی یاخوود بەهۆی بیرو باوەڕەکانیەوەو هەندێ ڕۆژنامەنووس دەبێت بابەتی بێتو بیرو باوەڕەکەی خۆی وەلانێت ئەگەر دژی میوانەکەت بیت ئەوکاتە چاوپێکەوتنەکە ناتوانێت بگاتە ئامانجی خۆیو لە تەوەرەکە دەردەچێتو بابەتەکەش بەرتو بڵاو دەکات.

٧. چاوپێکەوتنی کەسی ڕوون:- ئەو کەسەی وەڵامی پرسیارەکان بە ئاشکراو ڕاشکاوانە دەداتەوەو ئارەزوی چاوپێکەوتنی هەیە بۆ دەستکەوتنی ناوبانگو دەرکەوتن ناوی لە ئاستی کۆمەڵگەدا.

٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسی میوان یان مسافیرەکان:- کەسایەتیە ناودارەکانی جیهان نوسەرو ئەستێرەکانی سینەماو هونەر ئەو کاتەی دەچنە وڵاتێکەوە سەرنجی ڕۆژنامەنووسەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

# جۆرو شێوازەکانی چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن چەندین جۆری هەیە، هەر یەکێکیشیان بۆ مەبەستی دیاریکراوی خۆی بەکاردێت، چاوپێکەوتن گرنگترین شێوازی هەواڵگریەو تەنها لەڕاگەیاندنەکاندا بەکارنایەت، بەڵکو لەزۆربەی بوارو زانستەکاندا بەکاردێتو سوودی لێوەر دەگیردرێت، وەک (کۆمەڵایەتی، سیاسی، هونەری، وەرزشی،تەندروستی.....). دابەشکردنی چاوپێکەوتن بۆ چەند جۆرێک نەک تەنها بۆ وەرگرتنی بیروڕا نەک گرنگە بەڵکو هەر جۆرێکیان بەهای ئەنجامی چلوپێکەوتنەکە دیار دەکات.

لەدیارترین جۆرەکانی چاوپێکەوتن:

یەکەم/ چاوپێکەوتنی هەواڵو زانیاری:- لەسەرەکیترین جۆرەکانی چاوپێکەوتنە، ڕۆژنامەوان هەوڵ دەدات زانیاریوئامارو بەڵگە لەکەسی بەرامبەرەوە سەبارەت بەمەسەلەیەک یان ڕووداوێک کۆبکاتەوەو هەڵوێستو بیروڕاکانی بخاتەڕوو، دوترێ ئەم چاوپێکەوتنە مادەی خاوە هەواڵن.

دووەم/ چاوپێکەوتنی ڕێنمای:- چاوپێکەوتنەکە ئامانجی دیاریکراوی هەیەو پرسیارو وەڵامەکان تەنها لەدەرەوەی تەوەری بابەتی چاوپێکەوتنەکەدایەو زیاتر ناڕواتو لەبابەت لانادات وەک ڕێنمای پزیشکی.

سێیەم/ چاوپێکەوتنی ڕاوبۆچوون:- شێوازێکی دیالۆگ ئامێزە بۆ بەدەستهێنانی ڕای میوانسەبارەت بەدیاردەیەک یان کێشەیەک یان بابەێکی دیاریکراو بەمەبەستی شیکردنەوەو باسکردنو تەعلیقو ڕاڤەکردن.

چاوپێکەوتنی بیروڕای خەڵکو بەکارهێنانی لە ڕاپۆرتی هەواڵدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئەو ڕاپۆرتە تەلەفزیۆنییە، چونکە کاتێک چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێک کراوە بەشێک لە وتەکانی لە ڕاپۆرتەکەدا پیشان دەدرێت، ئەو کەسەش بیروڕاو شیکردنەوەی خۆی لەسەر ڕووداوێک بەباش یان بەخراپ ڕووندەکاتەوە.

چوارەم/ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی:- لەم جۆرە چاوپێکەوتنەدا کەسایەتییەکی دەست نیشانکراو چاوی بەچەند ڕۆژنامەنووسیک دەکەوێتو هەریەکەیان پرسیارێک یان زیاتر دەکات، هەموو ڕۆژنامەنووسان دەتوانن تەواوی پرسیارو وەڵامەکان لای خۆیان تۆمار بکەنو دواتر وەک لێدوانی ڕۆژنامەنووسی بەشێوەی پرسیارو وەڵام یان ڕاپۆرتە هەواڵ بڵاوی بکەیتەوە، تایبەتمەندی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە ئەوەیە کە زۆرترین ڕۆژنامەنووس لەو شوێنی ئامادەدەبن، ڕۆژنامەنووسی زیرەکیش ئەوەیە بتوانێت زۆرترین پرسیار بۆ کەناڵەکەی تۆمار بکات.

پێنجەم/ چاوپێکەوتنی ئاوێتە:- ئەو چاوپێکەوتنەیە کە لەیەک کاتدا چەندین جۆر لەگفتوگۆ لە خۆ دەگرێ، وەک ئەوەی کە ڕۆژنامەنوسێک گفتوگۆی لەگەڵ کەسێکی دیارکراو هەیە بۆ بەدەستکەوتنی هەواڵ لەهەمان کاتدا ڕاوبۆچوونیشی لەسەر تەوەری گفتوگۆکە وەردەگیرێت یان هەردووکیان لەگەڵ جۆری کات بەسەربردن تێکەڵ دەبن.

شەشەم/ چاوپێکەوتنی کێشەو ململانێ:- ئەم جۆرەی چاوپێکەوتن ئمانج لێی دەستکەوتنی زانیاریو بۆچوونە لەبارەی ڕەوشی ئاسایشو ئەو زانیاریانەی کە پەیوەیت بەقەیرانەکانو جەنگو ئەو ململانێیانەی کەڕوودەدەن لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتو جیهان.

حەوتەم/ چاوپێکەوتنی خۆشیو کات بەسەربردن:- وروژاندنی هەموو شتە خۆشو سەنج ڕاکێشەکان کە غەریزەی وەرگر دەبزوێنێت دەبێتە تەوەری سەرەکی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێ کە یەکێک لە ئەرکەکانی هەر ناوەندێکی میدیایی بریتیەلە خۆشیو کات بەسەربردن، چاوپێکەوتنیش دیسانەوە لەهێنانەدی ئەم ئەرکەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، لەم جۆرە زیاتر بایەخ بەکەسەکە دەدرێ وەک لە بابەتەکە.

هەشتەم/ چاوپێکەوتنی داخراو کراوە:- چاوپێکەوتنی داخراو ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی کەوا دەکات وەڵامەکان تەنها لەسنووری ((بەڵێ)) و ((نەخێر))دا دەبێتو ڕێگە بەقسەکەر نادات کە وەڵامی زیاتر بداتەوە کەئەمەش بەمەبەستی دەرخستنی لایەنێکی بابەتێک لەلایەن

ڕۆژنامەنووسەوە دەکرێ، بەڵام لە چاوپێکەوتنی کراوەدا زیاتر پرسیارەکان گشتییەو لێرەدا قسەکەر بەشێوەیەکی ئازادانە وەڵامەکانی بەپێناسو شیکردنەوە دەداتەوە.

نۆیەم/ چاوپێکەوتنی ڕاپرسی:- جۆرێک گفتوگۆیە بەشێوەیەکی ئاڕاستەکردنی یەک پرسیار لەچەند کەسێک یان چەندین پرسی پەیوەندی دار بەتەوەرێکی دیاریکراو بەڕێوەدەچێت.

دەیەم/ چاوپێکەوتنی بەربڵاو:-چاوپێکەوتنە بەربڵاوەکان بەمەبەستی زانینی بیروڕای توێژەرە جیاجیاکانی وەک: (لاوان، بەسالاچووان، خاوەن خانووەکان، کرێ نشینەکان، فەرمانبەران، کرێکاران.....) ئەنجام دەدرێت، بۆ بەدەستهێنانی ئەو بابەتانەیە کەبەلای دەوڵەتو خاوەن پیشەو بازرگانەکانو حیزبەسیاسیەکانو ڕاگەیاندنەکانەوە گرنگن، ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە بەزۆری لەئاستی بەرزو لەڕێگەی ئامارو مشتومڕە ئەنجامدەدرێت.

یانزەیەم/ چاوپێکەوتنی داهێنەران:- لەم جۆرە چاوپێکەوتنەشدا خستنەڕووی داهێنانی کەسێک یپان دامەزراوەیەک دەبنە تەوەری سەرەکی چاوپێکەوتنەکە، مەبەست لەئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنانە بۆ ئەوەیە داهێنانەکە بە جەماوەر بناسرێنیو هەروەها جەماوەر داهێنەرەکە بناسێ لەدیدو بۆچوونی بگات، دەشێ ئەوە بڵێین کە ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە کۆکراوەی هەردوو جۆری چاوپێکەوتنی هەواڵیو دیدو بۆچوونە، چونکە هەم زانیاری سەبارەت بە ڕووداوێک (داهێنان جۆرێکە لەڕووداو) پێ دەدات، هەم دیدی داهێنەرێکمان بۆ دەردەخات.

دوانزە/ چاوپێکەوتنی ڕووبەڕووبوونەوە:- ئەو شێوازەیە کەلە چاوپێکەوتنەکەدا شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان پێشکەشکارو میوانەکەدا دروست دەبێت، کە بواری دەرخستنی ڕاستی تێدا زۆرەو قسەکەر دەتوانێت ڕاشکاوانە ڕای خۆی بڵێت، زۆرجار میوان دەیەوێت خۆی لە وەڵامی پرسیارەکان بدزێتەوە لەوکاتەدا دەبێت هێمنو لەسەر خۆ بێت لەهەمان کاتدا یەک باوەڕو کۆڵنەدەر بێت بۆ بەدەست خستنی وەڵامی پرسیارەکانی.

سیانزەیەم/ چاوپێکەوتنی شاراوە:- هەموو ئەو چاوپێکەوتنانە دەگرێتەوەکە پەیوەستن بە ڕووداوە تاوانو گەندەڵیو ناوزڕاندن، کەسەکان نایەنەوێت دەرکەون یان ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی

ڕێگەنادات دەمو چاویان پیشان بدرێت، ڕەنگە دەرکەوتنی کەسەکە کێشەی گەورەتر بەداوی خوێدا بهێنێت چ بۆ سەرخۆی چ بۆ سەر کۆمەڵگە، یان ئەو کەسانەی تۆمەتێکیان ڕووبەڕوو کراوەتەوە، بەڵام لەدادگا یەکلا نەبۆتەوە لەکاتی لەم جۆرە چاوپێکەوتنە پێویستە هەریەک لە پەیامنێرو وێنەگرو مۆنتێر بە وریاییەوە مامەڵە بکەن.

# دابەشكردنی چاوپێكەوتن بەپێی تەمەنو ژمارەی كەس

١. چاوپێكەوتن لەگەڵ كەسە ناودارو دەوڵەمەندەكان:- ئەگەرهاتوو كەسی میوان یاخود قسەكەر ناودرا بێت یان دەوڵەمەند یان كەسایەتییەكی سیاسی بێت، ئەوا وەرگر زیاتر تامكەزۆری وەرگرتنی زانیارییەكانە،بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە كەئەوانیش كەسانی بێسەرەو بەرەو كورت بینبن ئەوا ئەوكات چاوپێكەوتنەكە وەرگێرێكی زیاتری زیاتری دەبێت، لەبەر ئەوەی لەئاستی چاوەڕوانی وەرگر دەردەچێت،

٢. چاوپێكەوتن لەگەڵ بەساڵاچواندا:- ئەم جۆرە كەسانە سەرچاوەیەكی دەوڵەمەندی بابەتی جوانو قوڵن بەتایبەتی بۆ ڕەچەڵەك ناسو كەسە جوگرافیا ناسەكان، لەهەمان كاتدا قسەی ئەم كەسانە ئەزموونی ژیانیانەو نرخی خۆی هەیە، هەتاوەكو ئەگە سوود وەرگرتن بێت لەڕووداوەكانی ڕابردوو.

٣. چاوپێكەوتن لەگەڵ منداڵاندا:- دەشێت منداڵان ببەنە سەرچاوەیەكی زۆور چاكی قسەی سەرنج ڕاكێشو هەندێ جار قسەی بەتوێكڵو سەیرو سەمەرەن.

چاوپێكەوتنی گروپ (مێزگرت):- بیرو باوەڕو هزرو تێڕوانینی ژمارەیەكی زۆری ئەندامانی كۆمەڵگە جێگەی بایەخ پێدانەو هەواڵ نێر زانیارییەكانی لەچەندین كەسەوە بەدەست دەهێنێت، بەشێوەیەكی گشتی بابەتی چاوپێكەوتن پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی خەڵكەوە هەیە.

# ئامانجو مەبەست لە سازدانی چاوپێکەوتن

کاتێک چاوپێکەوتن ئەنجامدەدەیت لەگەڵ هەر کەسێکو لایەنێک مەبەستێکی دیاریکراومان هەیە وەک:

بەسەرکردنەوە، ئەویش بۆ کەسانێک کەوا لەبوارێکی تایبەتو خۆیاندا دیارن یان نوێنەری گروپێکن وە ئەزموونو شارەزاییان هەیە، هەر بۆیە بەمەبەستی دەستکەوتنی زانیاری چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدەرێ.

دەستنیشانکردنو تێگەیشتن لە گرفتێکو لە هۆکارەکانی پەیدابوونیو گەشەکردنیو ڕادەی مەترسیەکانی، بۆیە چارەسەکردنیو تێگەیشتن لەو گیروگرفتانەو چۆنیەتی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە.

بۆ خستنەڕوو بایەخدان بەکەسێک، ئەویش بۆ ئامانجی سیاسی بێت یان ئابووری، هونەری، کۆمەڵایەتی، ...یاخوود بۆ بەلارێدابردنی سەرنجدانو کەمکردنەوەی کاریگەری لەسەر پرسێکی وروژانراو لەڕێگەی کردنەوەی پرسێکی لاوەکی بۆ ئەوەی سەرنجی هەندێ خەڵک ڕابکێشێ.

پێکهێنانی کەشو هەوایەک بەمەبەستی گەشەدان بەڕەوتی ڕۆشنبیری خەڵک لەڕێگەی پشت بەستن بە دیکۆمێنتاریو دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەی، بەهەر جۆرو چەشنێک بێت مەبەستی سەرەکی لەچاوپێکەوتن وەرگری پەیامەکە نەک کەناڵ یان بێژەر.

# ئامرازو ڕێگەکانی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن

١. چاوپێکەوتنی مەیدانی (ڕووبەڕوو):- ئەگەر بمانەوێت بابەتێکی تێرو تەسەل یاخوود بۆ مەبەستێکی چڕوپڕ لەسەر کەسێک یان بابەتێک بەدەست بهێنین پێویستە زانیارییەکان بەشێوەی ڕووبەڕوو لەکەسەکە وەربگرین کە بەهێزی زانیارییەکان دەبەخشێ هەرچەندە چاوپێکەوتنی مەیدانی لەگەڵ کەسو شایەتحاڵەکاندا کۆسپو تەگەرەی زۆری دێتە ڕێگە.

کە ئەویش چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی هەواڵی ناودەبرێت کە چاوپێکەوتنێکی کورتو بەپەلەیە، کەلەسەر شێوازی هەرەمی هەڵگەڕاوە ئامادەکرێ‌و بەرپرسیاری سەرەکی دەبێت پێدەکات، ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە بە دەگمەن بەتەنیا پێشکەش دەکرێت، بەڵکو لەچوارچێوەی (هەواڵ، ڕێپۆرتاژ، دیکۆمێنتری) پیشان دەدرێ، کاتێک ڕۆژنامەنووس پرسیاردەکات ئاڕاستەی کەسەکە دەکات لەبەردەم کامێرادا.

٢. چاوپێکەوتن لەناو ستۆدیۆدا:- ئەم ڕێگەیە پێویستی بەوە هەیە کەوا ڕۆژنامەنووس بەشێوەیەکی باش خۆی ئامادەبکات، لێرەشدا هەڵبژاردنی کەسایەتی‌و میوانداریکردنی بۆ ناو ستۆدیۆ گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو دەبێت ئامادەکارییەکانی پێ وەخت کرابێتو تەنها بەئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە مابێتەوە.

٣. چاوپێکەوتن لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە:- بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ڕاگەیاندکار دەتوانێت لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ ئەنجامبدات، بەڵام پێویستی بە توانایەکی زۆری ڕۆژنامەنووسەکە هەیە لەڕووی توانای قسەکردنو مامەڵکردنو هەڵسوکەوتکردن.

٤. چاوپێکەوتن لەڕێگەی تەلەفۆنەوە:-هەرچەندە بەکاهێنانی تەلەفۆن بۆ چاوپێکەوتن کارێکی باش نیە، بەڵام هەندێ جار ڕووداوی کتو پڕ ڕوودەدات کە ڕەنگە بەئاسانی نەتوانین دەستمان

بگاته کەسی ئاگاداری ڕووداوەکە لێرەدا ناچار دەبین تەلەفۆن بکەینە ئامڕازی چاوپێکەوتنەکەمان.

یاخوود ئەم ڕێگەیە لەکاتی پێویستو ناچاریدا بەکاردێت کە زۆر بەپەلەو کاریگەرەو تێچوونی کەمە وە زۆرجار بۆ بابەتە هەستیارەکان بەکاردەهێنرێت.

دیارترینینیشانەو مەرج کە ئەم جۆرە چاوپێکەوتنەی پێدەناسرێتەوە ئەوەیە کەقسەکەر ئەوکەسەی زایاری لێوەر دەگریت کەمتر تواناو هێزی خۆی بەکاردەهێنێت، چونکە ناتوانێت کەشو هەوای شوێنی چاوپێکەوتنەکە هەڵسەنگێنێ بۆیە هەڵسوڕاندنو بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتن لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەزموونو زانایی ڕۆژنامەنووس لەباری زمانەوانیو لێدوانەوە.

٥. چاوپێکەوتنی پەخشی ڕاستەوخۆ:- لەپەخشی ڕاستەوخۆدا کاتت نیە بۆ ئەوەی میوانەکەت لەسەرجەم ڕووەکەوە ئامادەبکەیت، تابتوانیت ئاسایی قسەبکات پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵدایەو بەشێوازێک پرسیارو گفتوگۆی لەگەڵدا بکە کە سەرنجی لات بێتو سەیری تۆ بکات نەک کامێرا.

٦. چاوپێکەوتن لەڕێگەی ئیمەیڵو ئامڕازە تەکنەلۆژیاکانەوە:- ئەک جۆرە چاوپێکەوتنە لەڕێی بەشدرایکردنەوە لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا دەکرێت کە ڕۆژنامەنووسەکە ئەوکەسەی کەوا چاوپێکەوتنی لەگەڵدت دەکرێت دەبێت بەشداربن لەتۆڕی ئینتەرنێتو ئەوخزمەتگوزارییەدا، کەلە ئێستادا هەندێ کەناڵی تەلەفزیۆنی خزمەتگوزاری SKYPE بەکاردەهێنن لەکاتی گفتوگۆکردندا لەگەڵ کەسی مەبەستدا.

لەگەڵ دۆزینەوەو داهێنانی مایکرۆفۆنداو گواستنەوەی دەنگو ڕەنگ ڕاستەوخۆ لەڕێگەی سەتەلایتەوە کەناڵەکان توانیان پەخشی ڕاستەوخۆ لە ناوچە دوورەکان (ناوچەی ڕووداوەکانەوە بکەن) لەکاتێکدا دەرهێنەر بڕیار لەسەر پەخشی ڕاستەوخۆ دەدات کە ئامێرو کەلوپەل ی پێویستی لەبەر دەستدا بێت.

# خاسیەتو تایبەتمەندییەکانی چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی

١. شێوازی دەنگو وێنەگرتن گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە تەلەفزیۆندا.

٢. ئارامیو لەسەرخۆبوون لەکاتی ئاڕاستەکردنی پرسیارەکاندا.

٣. دابینکردنی بێدەنگیو گونجاویو پەیگیری لەکاتی پرسیارکردندا لەگشت بوارەکان.

٤. بەکارهێنانی گونجاوی ڕۆڵەی سەرو دەستو ڕووخسار لەگەڵ شێوازی لێدوانو هەماهەنگبوون لەگەڵ لایەنەکانی بابەتەکە.

٥. ڕوانگەی گونجاوی کامێراو تواناو لێهاتووی دەرهێنەری تەلەفزیۆنیو جلوبەرگو ڕازاندنەوە لایەنگرەکانی تر پێک دەهێنێک.

چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی بەپرسیاری سەرەکی دەست پێدەکات، ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە بەدەگمەن بەتەنها پێشکەش دەکرێت، بەڵکو لەچوارچێوەی (هەواڵ – ڕێپۆرتاژ – دیکۆمێنت) پیشان دەدرێت ئەویش بەدوو قۆناغ ئەنجام دەدرێ.

یەکەم/ وێنە گرتن.

دووەم/ لەبەردەم کامێرادا ڕۆژنامەنووس پرسیارەکان ئاڕاستە دەکات.

# کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە پێویستە لەهەموو بەرنامەیەکی گفتوگۆ ئامێزدا هەبێت کەئەمانەن:-

أ- زیندوێتی چاوپێکەوتن:- واتا چاوپێکەوتن بەزیندوی بێت، بۆئەوەی سەرنج ڕاکێش بێتو پێویستیەکانیان دەستگیر دەبێت.

ب- ڕونی چاوپێکەوتن:- پێویستە چاوپێکەوتن وێنەکەی ڕوون بێ، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی ئاسان بێت.

ج- چڕکردنەوە لەچاوپێکەوتندا:- چڕکردنەوەی گفتوگۆ لەبیرۆکەی بنەڕەتی چاوپێکەوتنەکە، لەڕێگەیەوە یارمەتی کەسی ڕۆژنامەوان دەدات کەپرسیارەکانی بەشێوەیەکی زنجیرەی لۆجیکی بکاتو یارمەتی بینەر دەدات لەگەڵ بەرنامەکەدا بێتو لێی دانەبڕێت.

ت- یەکێتی بابەت لە چاوپێکەوتن:- پێویستەو گرنگە کە چاوپێکەوتنی مادەکان بەیەکەوە گرێدرابنو پەیوەندیان پێکەوە هەبێت، چ لەڕووی بیرۆکەوە چ لەڕووی شێوازی خستنەڕووی بێت.

# خاڵە باشو خراپەکانی چاوپێکەوتن

خاڵە باشەکان:-

١. چاوپێکەوتن باشترین ئامڕازە بۆ بەدەست خستنی سیفەتە شەخسییەکان.

٢. چاوپێکەوتن ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ دەستنیشانکردنی گرفتەکانو میکانیزمو ڕێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەکان.

٣. چاوپێکەوتن بایەخدارە بۆ ڕاوێژکاری لەسەر دیاردەکان.

٤. ئامڕازێکی باشە بۆ تەئکیدکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لەسەرچاوەی ترەوە دەستکەوتوون.

خاڵە خراپەکان:-

١. سەرکەوتنی چاوپێکەوتن تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە ئارەزووی ئەو کەسەوە هەیە کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێ، ئەمەش کاریگەری بەسەر پێدانی زانیارییەوە هەیە.

٢. پەیوەندی بەباری دەروونیو هۆکاری دیکەوە هەیەو ئەگەری لایەنگری زۆرە.

٣. ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێ هەمیشە دەیانەوێت ئەو زانیاریانەی دەیدەن بەگشتیو بەباشی دەربکەوێتو کەسانی دیکە ڕازی بکات.

# ڕۆڵو تایبەتمەندییەکانی پێشکەشکار لە چاوپێکەوتندا

بەر لەدەستپێکردن بەداڕشنەوەی پرسیارەکانو تەکنیکەکانی دەبێت قسە لەبارەی ڕۆژنامەنووسەکەو ڕۆڵو لێوەشاوەییەکەی بکرێت، چونکە هەموو ڕۆژنامەنووسێک لەبارنیە بۆ بەڕێوەبردنی تەواوی جۆرەکانی دیالۆگ.(١)

ئەو خاسیەتانەی پێویستە لە پێشکەشکاردا هەبێت:-

١. کەسێک بێت خاوەنی زەوقو هزرێکی باشی دههێنەرانە بێت.

٢. توانی ڕاهاتنو تێکەڵاوی لەگەڵ چینە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەڵدا هەبێت.

٣. خێراو بەتوانایە لەبیرکردنەوو بڕیاردان.

٤. کەسێکی لەشەرخۆو هێمنە، چونکە (مرۆڤی بزوزو ناهێدی ناتوانێت ببێتە پێشکەشکار).

٥. چالاکەو چاونەترسەو دەمارگیر نیە.

٦. توانای بەکارهێنانی هێما (وشە)ی هەیە لەداڕشتنی بیرۆکەو زانیارییەکان.

٧. توانیەکی باشی هەیە لەڕووی دروستکردنی بڕواو متمانەو باوەڕهێنان.

٨. خاوەنی زانیاری جۆربەجۆرەو لە زۆربەی بوارەکان سەر دەردەکات.

٩. خاوەنی زانیاری کەستیەتییەکی بەهێز بێت واتە کەسێکی ڕێزدار بێت.

١٠. بێلایەنی لەگواستنەوەی زانیارییەکان بۆ خەڵک کەمەرجێکی ئەخلاقیەو ڕۆژنامەنووس دەبێت ئەمە بکاتە بەشێکی زیندوو لە ویژدانیو بەئەرکی ئەخلاقی پیشەی خۆی بزانێت.

١١. تاڕادەیەکیش پێشکەشکاری تەلەفزیۆنی جیاوازە لەچەند ڕوویەکەوە کەوا دەکات کاریگەری تر دەربکەوێت لەوانە دەنگو شێوازی ئاخاوتنو ڕووخساری پێشکەشکار بەتایبەت دەمو چاو لەشاشەدا دەردەکەون دەبنە پێناسەی کەناڵەکە.

# هەڵەی پێشکەشکار لەکاتی بەڕێوەچوونی چاوپێکەوتندا

١. هەڵەی پێنەزانینو کەمکردنەوەی بایەخو لەبیرکردنی ڕووداوێکی گرنگ.

٢. هەڵەی سڕینەوە یان لابدرنی ڕاستییەکە سەرەکی یان واتایەک یان ئەزموونێک.

٣. هەڵەی زیادکردنی واتە زیادکردنی وەڵام زیاد لەقەبارەی ئاسای خۆی.

٤. هەڵەی گۆڕان واتە لەبیرکردنی قسەکانی کەسەکەو گۆڕینی بەوشەیەک کەمانیەکی جیاوازی لەمانا ڕاستەقینەکەی خۆی.

٥. هەڵەی سەلێشێوانو تێکەڵکردنی زنجیرەی ڕووداوەکانو ونبوونی پەیوەندی ڕاستییەکان.

خاڵە لاوازەکانی پێشکەشکارلەکاتی چاوپێکەوتندا:

١. زاڵنەبوون بەسەر تەوەری چاوپێکەوتنەکەدا.

٢. ونکردنی ئامانجی چاوپێکەوتنەکەو لادان لەتەوەری سەرەکی بابەتەکە.

٣. هەستی خۆ بەکەم زانین لەبەردەم میوانەکە کەحاڵەتێکی دەروونی خراپ دروست دەکات.

٤. کەم ئەزموونی ڕۆژنامەنووس لەبەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی چاوپێکەوتندا.

٥. زۆر ترسی لەدەستدانی پیشە لەزهنی ڕۆژنامەنووسەکەدا وادەکات نەتوانێت سەرکەوتوو بێت لەبەڕێوەبردنی چاوپێکەوتنەکەدا.

# چەند ڕێگایەکی پێشنیارکراو بۆ کۆتای هێنان بە چاوپێکەوتن

١. بەکارهێنانی پرسیاری پاککردنەوە÷ واتە ڕۆژنامەنووس بۆ زانینی باسکردنی گۆی بابەتە بپرسێت (ئایا هیچ خاڵێک ماوە کەلە بابەتەکەدا باس نەکرابێت؟).

٢. بەڕاشکاوی پێشکەشکار ئاماژە بکات بەتواوبوونی کاتی بەرنامەکەو کۆتای پێبهێنێت.

٣. هەندێ جار ڕۆژنامەنووس کۆتای بەدیمانەکە دەهێنێتبەوەی کەنیازی خۆی ئاشکرا دەکات لەو بەرنامەیەی کەبۆ بابەتێکی دیاریکراو ئەنجامی داوە.

٤. بەکاهێنانی زمانی بێدەنگی (زمان جەستە) هۆکارێکی باشە بۆ کۆتای هێنان بە چاوپێکەوتن، وەک (ڕاستبوونەوەی پێشکەشکار لەسەر کورسیەکەی یان تەماشاکردنی کاتژمێر).

٥. هەتاوەکو هەردوولا واتە ڕۆژنامەنووسو میزانەکە لەبازنەی دەنگو وێنە دەرنەچن چاوپێکەوتنەکە کۆتایی نەهاتووە، بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووس زۆر وریا بێت لەو قسانەی لە کۆتایدا دەیکات.

# لیستی سەرچاوەکان

*سەرچاوە کوردییەکان:

١. کاروان عەلی قادر: هونەری ڕۆژنامەنوسی، خەندان بۆ پەخش‌و وەشاندن، شلێمانی ٢٠٠٤.

٢. دانا حەبیب کەرکوکی: هونەری ڕۆژنامەنووسی، و. سەمیرە ئەحمەد، چاپخانەی خانی، چاپخانەی دهۆک، ٢٠٠٨.

٣. نەجات ڕۆستی: دیمانەی ڕۆژنامەنووسی، سلێمانی، چاپخانەی بینای، ٢٠٠٨.

٤. هەواڵ، ڕاپۆرت، وتووێژ، و.مەنسور سدیقی، دهۆک، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨.

٥. میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی، و.هەڤاڵ ئەبوبەکرخۆشناو، سلێمانی، چاپخانەی بینایی، ٢٠٠٨.

٦. هەڤاڵ ئەبوبکر: چەشنە ئەدەبی‌و ڕۆژنامەنووسیەکان‌و ڕەنگدانەوەیان لەژیان‌و ژیندا، سلێمانی، چاپخانەی شکات، ٢٠٠٧.

٧. ڕەزا حاجی ئابادی: دەروازەی ڕۆژنامەنووسی، و. کارزان محمد، سلێمانی، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥.

٨. مالکۆلم ئیف مالیتی: هاوڕێی ڕۆژنامەنووسان، و. ئازاد حسن فتاح، سلێمانی، ناوەندی بەدلیسی.

٩. هەڤاڵ ئەبوبکر: ڕاگەیاندن‌و ڕاگەیاندنی کوردی، ناوەندی ڕۆشبیری سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٠. بوڵ ستاینلی: ڕێبەری کامێرامان‌و پەیامنێری تەلەفزیۆنی بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵ، و. محەمەد عبدولکەریم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٧.

١١. سۆزان دان: شێوازەکانی هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەوانی، و. بەدرەدین سالمو فاتیمە حوسێن، هەولێر، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠١.

١٢. د. کازمی موعتەمەد نەژاد: ڕۆژنامەگەری، و. مەجید ساڵح عەزیز.

١٣. د. نەعیم بەدیعی، د. حسێن قەندی: ڕۆژنامەوانی مۆدێرن، و. کارزان محەمەد، سلێمانی، چوارچرا، ٢٠١٠.

١٤. مەم بورهان قانع: لەبارەی ڕاگەیاندنەوە، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٢.

١٥. هەردی ئەحمەد دەروێش: پەیامنێر، ڕۆڵو ئەرکو تایبەتمەندییە پیشەییەکان، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٨.

١٦. د. فاروق عەلی: کلیلی دەسەڵاتی چوارەم، و. هیوا سالح ئەحمەد، سلێمانی، چاپخانەی لیرە، ٢٠٠٥.

١٧. د. مەغدید سەپان: ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی، ٢٠٠٧.

١٨. محمد ئلبدروبی: ڕۆژنامەگەریو ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخ، و. سۆزان جەمال، سلێمانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦.

*سه رچاوه عه ره بیه کان:

١.محمد محوچی ابراهیم: البرامج الحواریه فی القنوات الفچائیه ڤاهر تحتاج الی علاج، مجله اڑاعات العربیه، عدد٣، اتحاد اڑاعات دول العربیه، تونس، ٢٠٠٢.

٢. محمد منیر ×جاب: الاعلام التمنییه الشامله، القاهره، دار الفجر، ٢٠٠٠.

٣. حسن عماد مکاوی، لیلی حسین السید: الاتﺼ×الو نڤریاته المعا×ره، دار الم×ریه اللبنانیه، القاهره، ١٩٩٨.